# مێژووناس و مێژوونووسان له‌ چی نیگه‌رانن؟

هه‌ڵكه‌وت محه‌مه‌د پشده‌ری
(كه‌نه‌دا)

وه‌كوو هه‌موو زانستێكی دیكه‌، مێژوو زانسته‌. توێژینه‌وه‌ و لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ مێژوو هه‌روه‌ك زانسته‌كانی دیكه‌، یاسا و ڕێسای خۆی و ڕێڕه‌وی ڕاستودروستی خۆی هه‌یه‌. لادان له‌و ڕێڕه‌و و ڕێسایانه‌ له‌ توێژینه‌وه‌ی زانستیدا، ئه‌وجا سه‌باره‌ت به‌ مێژوو بێت، یان هه‌ر زانستێكی دیكه‌، ئه‌و جۆره‌ توێژینه‌وه‌یه‌ په‌ك ده‌خات و به‌های زانستی نابێت. ئه‌و كاته‌ خاوه‌نه‌كه‌ی به‌ لاده‌ر و ده‌رچوو له‌ ڕێكاره‌كانی توێژینه‌وه‌ی زانستی داده‌نرێت و له‌ نێوه‌ندی ئه‌كادیمی ئه‌و زانسته‌دا، جێی نابێته‌وه‌.

گومانمان له‌وه‌دا نییه‌ ئه‌و جۆره‌ ڕێكار و ڕێسایانه‌ پێویستن و هه‌موو زانست و ناسه‌وانی مرۆڤ پشتی پێ به‌ستووه‌. بۆ ئه‌وان، زانستیش وه‌ك زۆر له‌ بواره‌كانی دیكه‌ ده‌بێته‌ جێی وڕێنه‌كاران و بیروباوه‌ڕی تێكه‌ڵ ده‌بێت. جوانی و خۆشی هه‌بوونی زانست بۆ مرۆڤ له‌وه‌دایه‌ ڕاستییه‌كان وه‌كوو خۆیان ده‌رده‌خات، گوێ ناداته‌ ئه‌وه‌ی كام ڕاستی به‌دڵی كێیه‌ و كام نا، له‌گه‌ڵ كام بیروڕا هه‌ڵده‌كات و دژی كامیانه‌، زانست یه‌ك مه‌به‌ستی هه‌یه‌، نیشاندانی ڕاستییه‌كانه‌ وه‌ك خۆیان و به‌ڵگه‌كانیش ده‌خاته‌ به‌رده‌ست.

زۆربه‌مان چیرۆكی گه‌ردووناسی ئیتاڵیایی گالیلیۆ گالیلی ده‌زانین. ئه‌و له‌ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌مدا گوتی زه‌وی چه‌قی گه‌ردوون

نییە، بەڵکوو بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. تەمەنی ئایینی مەسیح ئەو کاتە ١٦٠٠ ساڵ بوو، ناسەوانی یۆنانییەکانیشی لەگەڵ بوو. پاپا لە ڕۆما و هەموو کڵێساکانی ئەو سەردەمە یەک بیروباوەڕیان هەبوو دەیانگوت خودا زەوی، خۆر و هەموو ئەستێرەکانی دروست کردووە و هەموویان بەدەوری زەویدا دەسووڕێنەوە. قسەکردن بە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەی سەروو ١٧ سەدە باو بوو، خۆکوشتن بوو، هەر ئەوەیش ڕووبەڕووی گالیلیۆ بووەوە. پێش ئەویش نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس گوتبووی زەوی چەقی گەردوون نییە، ئەویش ڕووبەڕووی هێرشی کۆنەپەرستان بووەوە، توندترینیان ئەوەی قەشە تۆلۆسانی بوو.

لە ساڵی ١٩٦٩ نەخۆشی کۆلێرا لە لەندەن بڵاوبووەوە، سەروو ١٤ هەزار کەسی کوشت. کوشندەترین بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بوو لەندەن بگرێتەوە. باوەڕی خەڵک لەوکاتەدا ئەوەبوو هەوای پیس لە شتی ڕزیو و شێبووەوە بڵاودەبێتەوە، نەخۆشی کۆلێرا لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە. ئەو جۆرە باوەڕە باوە لە سەدەی ٤ی پێش زایینەوە هەبوو، زانا و فەیلەسووفی یۆنان ئەبقرات، یان Hippocrates یەکەم جار باسی کردووە. بیروباوەڕێک بۆ سەروو ١٤٠٠ ساڵ باو بێت، دەبێتە بەشێک لە ڕاستیی زانستی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. هەر بیر و بۆچوونێکی نوێ، دەتخاتە بەرانبەر ئاپۆرای خەڵک و داوودەزگە و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت و ئایین، بۆیە خوێندن لە ئاوازێکی جیا لەوەی هەموو خەڵک، نامۆت دەکات و دەتخاتە پەراوێز. لەو ڕووداوەی کۆلێرا بڵاوبوونەوەیەی لەندەن، پزیشکێک بە ناوی جۆن سنۆو، ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی باوەڕی ١٤٠٠ ساڵە باوی خەڵکی کەوتە سەرشان. تێیدا سەرکەوتوو بوو، نەک لەبەرئەوەی ڕاستی زانستی لەبەردەست بوو، چونکە وردبینەکەی لە تاقیگە نەیتوانی ئەو بەکتریایەی سەرچاوەی کۆلێرایە ببینێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی زانیاری دروستی کۆکردبووەوە، وەک ئامار پشتی پێ بەست و توانی بەر بە بڵاوبوونەوەی زۆرتری کۆلێرا بگرێت.

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە ڕووداوی مێژوویین و مرۆڤایەتی زۆرجار وەک بەڵگە بۆ هێزی بیروباوەڕی باوی خەڵک و داوودەزگەکان دەیانهێنێتەوە یاد. دوو ڕووداون زانستی باوی ئەو سەردەمەیان هەڵاوگێڕ کرد، منیش ئەو دوو نموونەیە بۆ ڕووداوەکانی ئێستای کوردستان دەهێنمەوە.

توێژەری مێژوو سۆران حەمەڕەش، دوو کتێبی هەیە باس لە مێژووی کورد دەکات و پێی وایە سۆمەرییەکان کوردی دەشت بوون و خەڵکەکەی دیکەی دانیشتووی زاگرۆس، کوردی شاخ بوون. نموونەی زۆری لێکچوونی وشەکانی نێوان کوردی و چەند زمانێکی دێرینی ناوچەکەی، ڕیزکردووە. هەڵبەت ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوە نییە ئەم دوو کتێبەی ئەو هەڵسەنگێنم، چونکە هێندە لەو بەبەتانەدا دەوڵەمەند و پڕ زانست نیم ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرم. شارەزاییم لە چاو هەموو ئەکادیمییەکانی مێژوو، زۆر کەمە. لە لایەکی دیکەوە، سۆران حەمەڕەش وەک گالیلیۆ و جۆن سنۆو دەبینم. ئەو بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوی هەر نەبێ ئەکادیمییەکانی باشووری کوردستان مەلە دەکات. پێچەوانەی بیروباوەڕە باوەکانی سەروو ١٠٠ ساڵ بڵاو، دەدوێت. هەڵبەت هەموو کۆمەڵگەی زانستی مێژوو لە کوردستان دژی دەوەستنەوە، ئەوە پەرچەکردارە چاوەڕوانکراوەکەیە.

بەڵێ، مێژوومان بە هەناسەی نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی نانووسرێتەوە. خۆ ئەگەر کارێکی لەوجۆرە لە ئارادا بێت، دەبینە مێژوونووسە تورکەکان کە هەموو هەوڵێکیان داوە مێژوویەکی پڕ شکۆ بۆ خۆیان و عوسمانییەکان بنووسنەوە. تا دەگاتە هەناردەی درامای تەلەڤزیۆن تێیدا سوڵتانەکان پڕ سۆز، نەرمونیان، مێشک کراوەی پڕ زانست و بەئاگا لە دەوروبەر و کۆمەڵگەکەیان نیشان دەدرێن. چیرۆکە ڕەش و دڕەندەکانی کوشتنی برا و برازاکان، خەساندنی پیاوانی حەرەم، بە درامای تەلەڤزیۆن سپی دەکەنەوە. ئەوەیان مێژوو نییە، بەڵکوو چەواشەی مێژووییە، یان فیلم و دراماکانی عەرەب چۆن ڕووداوەکانی سەردەمانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەگێڕنەوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەوەی تورکەکاندا نییە.

شیاوترین ڕەخنە لە مێژوونووسانمان بگیرێت، ئەوەیە بۆچی دەبێ ئەوەی لە هەوڵ و کاری داگیرکاریی پاشاکانی ناوچەکە نووسراوەتەوە وەک بەڵگەی زانستی و ڕەها وەربگیرێن؟ کام پاشا هەر لەوانەی میسۆپۆتامیا، پاشاکانی فارسی دوای مادەکان، خەلیفەکانی عەرەب تا دەگاتە سوڵتانی عوسمانییەکان باسیان لە تاکە یەک شکستی خۆیان کردووە؟ کێیە ئەو مێژوونووسە ڕاست و ڕەوانەی ئەوکاتە ڕووداوەکانی وەک خۆی تۆمارکردووە؟ کام مێژوونووس لەبەر نووسینی ڕاستییەکی زانستی، یان ڕووداوی ڕۆژ وەک گالیلیۆ و جۆن سنۆو ڕووبەڕووی ویستی دەسەڵات و باوەڕی باو بووەتەوە؟ کەس. بۆچی مێژوونووسی ئەو کاتە وەک زانای هەمان سەردەم هەڕەشەی لەسەر نەبووە؟ چونکە مێژوونووس نەبوون. فەرمانبەری دیوانی پاشا بوون، ویستی پاشای سەرکەوتوو چی بووە، ئەوەی بۆ نووسیبووینەوە. ئێمەی کورد دوای دوو هەزار ساڵ، نووسینی لەو جۆرە بە بەڵگەی مێژوویی و زانستی دەزانین تا شاخ و باڵ لە پاشاکانی فارس و جەنگاوەرانی بەناو ئیسلام، بڕوێنین.

مێژووی نووسراو بەو جۆرە بەڵگانەی ئەو جۆرە مێژوونووسانە نووسراوەتەوە. هەروەک چۆن سیستمی گەردوونی پێش کۆپەرنیکۆس و گالیلیۆ و مۆدێلی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی پێش جۆن سنۆو، لە یۆنانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، ١٦ سەدە وا باوبوو. ئەو باوەڕە باوانە شکێنران و بیروباوەڕی نوێ هاتنە پێش. مێژوو، بە خوێندنەوەی نووسراوی پاشا و دەسەڵاتدارە سەرکەوتووەکان نانووسرێتەوە. ئەگەر ئەو کارە بۆ نەتەوەی دیکە بەرهەمی هەبووبێ، بەڵام بۆ کورد نەزۆکە.

زانای کۆمەڵناسی عێراق، عەلی وەردی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەڵێت «هەموومان پاڵەوانیەتی و ئازایی سوپای موسڵمانان دەخوێنینەوە، بەڵام هیچ لەسەر ئەوانەی کوژران و تاڵان کران، نابینین». دیارە ئەوە ڕاستییەکی تاڵی مێژووی مرۆڤایەتییە و لەوەدا مەینەتی گەورە بەر کورد کەوتووە. هەموو ئەوانەی دەوروبەری کوردیش، خۆیان داگیرکەری خاکمانن و بوون، چۆن باسی ئێمە دەکەن و بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوان بین لە کونجی نووسراوێکیاندا ناوی جەنگاوەرە لێهاتوو و ئازاکانمان بێنن! ئێمە دەبێت ڕەخنەی توند و بنەما پتەو لەو جۆرە مێژووە بگرین، چونکە کورد تێیدا بەشێک نییە. مێژووی هەڵبەستراوی تێکەڵ بە ڕووداوە ڕاستەقینەکان نووسراوەتەوە.

مێژووناس و مێژوونووسانی لە قاڵبدراوی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ی سەدەی ڕابوردوومان، ئەگەرچی هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرا و پسپۆڕی بوارەکەیانن و بوون، بەڵام لە کاروان بەجێ

ماون. هەوڵی ئەوانەی ئەوکاتە بۆ مێژووی کورد کاریان کردووە جێی خۆی بۆ ئەو کاتە گرتبوو و زۆر ڕاستی شاراوەیان هێنایە سەر کاغەز، بەڵام ئەوانیش بۆ ئێستامان و بۆ نووسینەوەی مێژوومان، کۆن بوون. بوون بە بیروباوەڕی باوی بەسەرچوو. بەڵگەمان بۆ ئەو ئاماژەیە ئەوەیە هەموویان بە بیردۆزی ڕەچەڵەکی ئارییوونی کورد، سەرمەست بووبوون و هەیانە تا ئێستا هەر مەستە. ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نییە. لە ڕووی پێشکەوتنی زانستەکانی جیناسی و شوێنەوارناسیدا، خۆی و کورد بە گەلێکی ئاری دەناسێنێت و هەر ئەو بانگەشەیە دەکاتەوە لە سالآنی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ی سەدەی ڕابوردوو باو بوون.

ڕەخنەمان لەو جۆرە پابەندبوونە کوێرانەیەی ئەو جۆرە بۆچوونانە هەیە. ئەگەر گومان لەو سەرچاوانە هەبێت، کەواتە جێی متمانەی نووسینەوەی مێژووی کورد نابن. خۆ لە هەموو مێژووی پێشکەوتنی زانستەکاندا، سەرەتا هەر گومان بووە و ڕێچکە کۆنەکانی شکاندووە. پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ قەرزداری توانایی گومانی مرۆڤە ڕێچکە شکێنەکانە. ڕەخنەی بەجێ لە هەردوو کتێبی سۆران حەمەڕەش هەیە، بەڵام دیسانەوە دەبێ لە پێناسەی وشەی (بەجێ) وردببینەوە. ئایا بەجێ مەبەست ئەوەیە پشتی بە هەمان سەرچاوە بابییەکان (تەقلیدییەکان) نەبەستووە؟ یان (بەجێ) مەبەست لەوەیە بە هەڵە لە ڕووداو و لێکچوونەکان تێگەیشتووە؟ دەکرێ هەموو ئەو ڕەخنانەی لەسەر بنەمای زمان و بیردۆزەکانی لێکچوون و لێکوەرگرتنی زمانەکان هەن، زمانەوان و زمانناسەکان زۆرتر لەسەری بدوێن و بۆمان ڕوون بکەنەوە چەند بۆچوون و شرۆڤەکانی، دروستن.

ڕزگاربوون لە داگیرکاریی هزر و هۆش ئاسان نییە و یەکەم هەنگاو ئەوەیە درک بەو داگیرکارییە بکەین. ئەو درککردنەمان، یەکەم هەنگاوی داماڵینی بیروباوەڕی داگیرکارەکانمانە. ئەوە ئێستایە کورد وەک نەتەوە و گەل (نەک وەک دەستەبژێرێکی خوێندەواری کەم لێرە و لەوێی کوردستان) هەست بە داگیرکاریی و کاریگەرییەکانی دەکات. ئەوەندەی ٢٠ساڵی ڕابوردوو لەو پرسەدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، لە هەموو مێژووی کورددا ئەوەندە بەرهەمە نەبووە. وەک چۆن ئێمە تورکی شاخ نەبووین و نین، بە هەمان شێوە ئاریایی نەبووین و نین، بەڵام داگیرکراوی ئاریاییەکانین، داگیرکراوی عەرەبی دوورگەی عەرەبیین.

سەرچاوەکانی سەدەی ڕابوردوو، پشت ئەستوور بە لێکچوونی زمان و هاوبەشی خەسڵەت و ئاکارەکانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی دیکەی خێزانی هیندۆ- ئێرانی و هیندۆ- ئەورووپی گەلی کوردیان بە ئاریایی ناساند. زمان ئامرازێکی دروستی یەکلاکردنەوە و دەستنیشانکردنی ڕەچەڵەک نییە. نابێت بۆ ساغکردنەوەی مێژووی کورد، زمان بەگەڕ بخرێت. ئەو ڕەوشە کۆنە و بۆ زانستەکانی ئێستای گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشە، وەلا نراوە. کاتێک ئاریاییەکان نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین لەو زەوییەی ئێستا بە ئێران دەناسرێ، دەرکەوتوون، باب و باپیرەی ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن، لە زاگرۆس بۆ چەند هەزار ساڵێک کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان دەکرد، ئەوان بوون یەکەمین دروێنەی گەنمیان کردبوو و هەر خۆیان یەکەمین شوانکاری هەموو مرۆڤایەتی بوون. لەو بۆچوونەماندا، توێژینەوەی زانای نەمسایی هەنەر بیشلەر بەناوی (ڕەچەڵەکی کورد، شوباتی ٢٠١٢) و توێژینەوەی دلاوەرخان بە ناوی (هیندۆ-ئەورووپاییکردنی ئێران و کوردستان، پێکهاتەی جینەکانی هیندۆ- ئێرانییە داگیرکەرەکان ، ٢٠٢١)، سەرچاوەمانن.

هەرچەندی زانستی جیننانسی توێژینەوەی زۆرتر دەکات، ئەوەندە کورد لە ئارياييەکان جیا دەکاتەوە، ئەوەیان وەک بەڵگەی مێژوویی بەدڵی پاشا نووسراوی سەرەتای مێژوو، نییە. زانستە و یەک ئەنجام و لێکدانەوەی هەیە. ناتوانم بڵێم کورد بوون، بەڵام هەر باپیرەگەورەی ئێمە بوون لە گوندی زاوی چەمی شانەدەر لەسەر زێی گەورە و گەنج دارە لە دامێنی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس ئاژەڵیانماڵیی کردبوو و لە گرێ مرازا/ مرازان لە باکووری کوردستان ٧٠٠٠ساڵ پێش فیرعەونەکان، بەردی بناغەی یەکەمین پەرستگەی شارستانییەتی مرۆڤیان دانابوو. ئەگەر باپیرە گەورەی خەڵکی ناوچەکە نەبوون، ئەی نەوە و ئەنجام و نەدیدەیان چییان لێهات و بۆ کوێ چوون؟

ڕەنگە نیگەرانییەکانی مێژووناسان و مێژوونووسانی باشووری کوردستان لەجێی خۆیان بن، بەڵام هەوڵ و کۆششی ئەوان و هەموو ئەوانەی پێش ئەوانیش ئێمەیان نەگەیاندە کەنارێکی ئارامی مێژوومان. ئێمەی کورد  لەمێژوودا ون بووین. بۆچی تا ئێستا هەر دەتانەوێ لە هەمان سەرچاوەکانی دیوانی پاشاکاندا مێژووی کورد بدۆزنەوە؟ ئەو سەرچاوانە جێی متمانەی نووسینەوە و گێڕانەوەی مێژوویەکی دروستی بێ کلک و گوێی کورد نین. ئەگەر خۆتان نەگونجێنن و خۆتان بە زانستەکانی سەردەم دەوڵەمەند نەکەن، لە کاروان بەجێ دەمێنن. پێت وایە ئەگەر مێژوونووسێکی فارس بڵێت فارسی ئێستای نەوەی فارسی کۆنە، دەبێ داوای لێ بکەین بە فارسی کۆن بدوێ دەنا بۆچوونەکەی دروست نییە! ئەی ئەگەر ئینگلیزێک نەزانێت واتای ڕستەکانی شەکسپیر چییە، چونکە زمانەکە گۆڕاوە، کەواتە ئەویشیان ئینگلیز نییە و نەوەی خەڵکەکەی سەردەمی ڤیکتۆریان نییە؟ ئەوە چۆن شرۆڤەیەکی زانستییە؟

کەواتە بۆ دۆزینەوە و نووسینەوەی مێژووی کورد، دەبێ بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەوەی تا ئێستا هەبووە، هەنگاو بنێین. مێژووی کورد تەنیا بەپێی یەک، یان چەند سەرچاوەیەک شرۆڤە ناکرێت. مێژووی کورد بابەتێکە تایبەتە بە خۆمان و دەبێت خۆمان قۆڵی لێ هەڵکەین. بیست سەدەیە چاومان نووقاوە. بۆ ئەوەی چاو لە مێژووی خۆمان هەڵبێنینەوە، ئێمە دەبێت پشت بە زانستی شوێنەوارناسی و جیننانسی ببەستین و دیوەکەی دیکەی بخوێنینەوە کە ڕووداوەکانی لە مێژوودا تۆمارکراون، بە لادانی چڵ و پۆپ و تەکاندنی تۆز لەسەر مێژووی کورد، مێژووی کورد لە پەراوێزی سەرچاوەکان و ئەو ڕستانە بدۆزینەوە کە بە ڕێکەوت لەلایەن نووسەرانەوە نووسراونەتەوە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، دەبێت کورد دەست لەوە هەڵگرێت پشت بەو زانیارییە باو و کۆنانە ببەستێت کە لە سەرەتای نووسینەوە تا ئێستا بۆ مێژوونووسینەوە بەکارهاتوون.